# شەمزین جیهانی دادگایی کرا

سەلاح عەبدوڵا

دوێنێ واتە 10 / 01 / 2005 کاتژمێر نۆ و نیووی سەرلەبەیانی ڕۆژنامەنوسی ژن شەمزین جیهانی برایە بەر لقی دووی دادگای ئینقلابی شاری مەهاباد و لە دانیشتنی دادگادا کە کاتژمێر و نیووێکی خایاند دادگا بڕیاری خۆی ئاشکرا کرد.

دادگا بڕیاری سێ ساڵ و 91 ڕۆژ سزای زیندانی بەسەر شەمزین جیهانی دا و بەپێی بڕیاری دادگا سێ ساڵی سزاکە بە هەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوە بەڵام دەبێت 91 ڕۆژ بچێتە زیندانەوە.

هاوکات ئەمڕۆ دوای دادگا پێنج کاتژمێر شەمزین لە زینداندابوو و دوای ئەوە ئازادکرا تا بەرواری پیادەکردنی حوکمەکەی بۆ دێتەوە هاوکات زانرا کە ئەو زیندانەی شەمزینی بۆ دەنێردێت زیندانانی سیاسی و قاتڵ و مافیای لە یەك شوێندان، شایانی باسە شەمزین جیهانی لەسەر نوسین و لێدوانەکانی دەستگیردەکرێت کە تیایدا ڕەخنە ئاراستەی سیاسەتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات، هاوکات وەك ژنێکی چالاك لە بوارەکانی مافی ژناندا بەتاوانی بەشداریکردنی لە چالاکیەکانی ژنان و چالاکیە ئەدەبیەکاندا، قسەکردنی بۆ ڕۆژتیڤی و ڕادیۆی دەنگی میزۆپۆتامیا سزا دەدرێت، وەك دەزانرێت دادگایی کردنی شەمزین جیهانی نارەزایی بوونی توندی ڕۆشنبیر و دەوروبەرانی کوردی لێکەوتەوە و کوردان لە شوێنێکی جیهانەوە بە ڕێی ئیمزا و نامە و فاکس و تەلەفۆن بۆ ڕێکخراوە جیهانیەکان و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتی و مەدەنیەکان نارەزایی خۆیان دەربڕیووە، بەڵام ڕژێمی ئیسلامی ئێران سوورە لە سەر سیاسەتی خۆی و بەردەوامە لە سەرکوت کردنی ڕۆژنامەنوس و نوسەر و ڕۆشنبیرانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو ئێراندا.